حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

---

ژمارە: ١٢٦٧٥
ڕێکەوت: ٣ / ٧ / ٢٠٢٥ ی زایینی
١١ / ٤ / ٢٧٢٥ ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٥

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (پەنجایەم)، هەروەها بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (سی و پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەمووارکراو، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٥)

## ڕێنمایی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆردی پزیشکی بۆ پسپۆڕی گشتی و پسپۆڕی وورد لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦)

### ماددەی (١): مەرجە گشتیەکان:

١. نووسراوی لارینەبوون و پوختەی ڕاژە لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار بەپێی ڕێنمایە کارپێکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان.

٢. مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی تەنها بۆ پێشکەشکارانی پسپۆڕی گشتی بریتی دەبێت لە (IELTS-Academic: 6, TOEFL-PBT: 497, TOEFL-iBT: 73, Pearson PTE-Academic: 67) یاخود تەواوکردنی ئاستی (Advanced) لە سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە سەرکەوتوویی و دوا مۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ سەرجەم ڕاهێنراوانی بۆرد پێش تاقیکردنەوەی بەشی دووەم (کۆتایی) تیۆری دەبێت. بەپێچەوانە بە سەرنەکەوتوو هەژمار دەکرێت و سڕینەوەی ناوی بۆ دەکرێت.

ب. هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی کە پێشکەشی پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) دەکەن، لە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەبەخشرێن.

ج. سەبارەت بە ئەنجامدانی بڕوانامەی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەکو (IELTS-Academic, TOEFL-PBT, TOEFL-iBT, Pearson PTE-Academic) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوسترالیا)، بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت و پشتگوێ دەخرێت.

د. پێویستە لەسەر ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بە زووترین کات ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی (IELTS, TOEFL-PBT, TOEFL-iBT, Pearson PTE-)ی وەرگیراوان بکات.

هـ. بڕوانامەی تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (Pearson PTE-Academic, TOEFL, IELTS-Academic) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك ئەو بڕوانامانەی کە ماوەی (٢) دوو ساڵیان بەسەردا تێپەڕیووە، پێویستە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان کرابێت.

٣. بۆ خوێندن بە شێوازی خۆرایی تەمەنی پێشکەشکار نابێت لە (٥٠) ساڵ زیاتر بێت، بە پێچەوانەوە دەتوانێت بە سیستەمی پاراڵێل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات.

٤. مەرجە پێشکەشکار خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، بە پێچەوانەوە دەتوانێت بە شێوازی پاراڵێل داواکاری پێشکەش بکات.

**ماددەی (٢): مەرجە تایبەتیەکان:**

١. ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و ئارەزووی پێشکەشکردنی هەبێت بۆ یەکێک لەم دوو پسپۆڕییانە (Clinical Hematology, Rheumatology)، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٥) پێنج ساڵ دەبێت، هەروەها دەبێت ساڵێک وەکو نیشتەجێی دێرین خزمەتی هەبێت لەو بەشەی کە پێشکەشی دەکات.

٢. ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بۆردی پزیشکی بێت و ئارەزووی پێشکەشکردنی خوێندنی پسپۆری وورد (Track II)ی هەبێت بۆ یەکێک لەم پسپۆڕییانە (Gastroenterology, Nephrology, Pulmonary Medicine, Cardiology, Endocrinology and Diabetes, Pediatric Cardiology, Digestive and Hepatic Surgery, Rhinology-Endoscopic Skull Base Surgery, Intensive Care Medicine)، ئەوا ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت.

٣. پسپۆڕیەکانی (Anesthesia, Psychiatry, Intensive Care Medicine, Emergency Medicine) پێویستیان بە پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان.

٤. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Intensive Care Medicine: هەمان مەرجە گشتیەکانی لەسەر پەیڕەو دەکرێت لەم پسپۆڕیەتیە و پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە بۆ (Track I) لە دوای پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە پێی یاسا بەرکارە پەیوەندیدارەکان.

٥. مەرجی خوێندن و ڕاهێنان بۆ پسپۆڕیەتیەکانی:(Health Administration, Infectious Disease Control) بریتی دەبێت لە:-

أ. مەرجە پێشکەشکار ماوەی پلەبەندی هەبێت.

ب. تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی گشتی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Infectious Disease Control) بکەن.

ج. دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی دەتوانن پێشکەشی پسپۆڕی (Health Administration) بکەن.

د. تەنها دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی ددان دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی (Dental Public Health) بکەن و مەرجە پێشکەشکار ساڵێک خزمەتی وەکو پلەبەند هەبێت.

٦. مەرجە دوو ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەبێت بۆ هەردوو بەشی (Dermatology, Plastic Surgery).

تێبینی/ ئەو پێشکەشکارانەی کە میلاکی وەزارەتی تەندروستین و پێشکەشی هەردوو پسپۆڕی (پێست) و (نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێکاری) دەکەن ئەوا دوای تەواوکردنی یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین دەتوانێت پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات بە مەرجێک بەڵێنامە واژوو بکات لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی کە وەک میلاک بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ لەم شارانە خزمەت بکات (هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین و کۆیە و سۆران و زاخۆ) و ببێتە میلاکی ئەم شوێنانە.

٧. تایبەت بە پسپۆڕییەکانی پزیشکی ددان، پێشکەشکار پێویستە بە لایەنی کەم (٣) سێ ساڵ خزمەتی کردەیی هەبێت.

٨. پێشکەشکارانی دانەمەزراو لە پسپۆرییەکانی (پزیشکی گشتی، پزیشکی ددان، دەرمانسازی) هەمان مەرج و ڕێنمایی پزیشکانی دامەزراو لەسەریان جێبەجێ دەکرێت کە پێویستە (١) یەک ساڵ پزیشکی خولاوی و (٢) دوو ساڵ پلەبەندی وەکو خۆبەخش تەواو کردبێت بە پێی ئەو شوێنەی خزمەتی لێ کردووە، کە دەتوانێت تەنها بۆ ئەو پسپۆرییانە پێشکەش بکات کە پێویستی بە ماوەی نیشتەجێی دێرین نیە پاشان مافی پێشکەشکردنیان دەبێت بۆ خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦)، خوێندن و ڕاهێنانیان بە شێوەی سیستەمی پاراڵێل دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پێشکەشکار نووسراوی پشتگیری لە (دیوانی وەزارەتی تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان) بهێنێت و پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بکات لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن.

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| **پسپۆرییەکان** | **مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)** | **مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)** |
| Internal Medicine | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەناو | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Pediatrics | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی منداڵان | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Family Medicine | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Psychiatry | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Gastroenterology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Emergency Medicine | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Neurology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی مێشک و کۆمەڵەی دەمار | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Medical Oncology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Clinical Hematology | (١) یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی لە نەخۆشیەکانی خوێن | هەڵگری بۆردی هەناوی و Hematopathology |
| Dermatology | (٢) دوو ساڵ نیشتەجێی دێرینی پێست یاخود (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی پێست بە مەرجێک بەڵێننامەی خزمەتی دەرەوەی شار بۆ ماوەی (٥) ساڵ واژوو بکات | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Nephrology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Rheumatology | ( ١ ) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە ڕۆماتیزم و چارەسەری سروشتی | بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ (Track II) نیە |
| Pulmonary Medicine | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Cardiology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Endocrinology & Diabetes | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی هەناوی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت |
| Clinical Pharmacy | (١) یەک ساڵ خزمەتی دەرمانسازی نیشتەجێی خولاو (٢) ساڵ خزمەتی دەرمانسازی پلەبەند یاخود کۆی گشتی (٣) ساڵ خزمەتی هەبێت | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Pediatric Cardiology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی |

| پسپۆڕیەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) |
|---|---|---|
| | | خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Geriatric Medicine | پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | • هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Internal Medicine) یاخود (Family Medicine) و (Emergency Medicine) (Community Medicine) یاخود<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Pediatric Haemato-Oncology | ( ١ ) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی لە (Pediatric Haemato-Oncology) | هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت |
| Neonatology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت |
| Infectious Disease | پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Internal Medicine) و ( Family Medicine)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Pediatric GIT | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی نەخۆشییەکانی منداڵان، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت |
| Vascular and Endovascular Interventional Therapy | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد لە ( General Surgery) یاخود ( Cardiothoracic and Vascular Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Neurovascular Intervention | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە ( Neurology یاخود Neurosurgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Interventional Radiology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە (Radiology)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Allergy and Immunology | پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| General Surgery | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری گشتی | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Obstetrics & Gynecology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەخۆشیەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Neurosurgery | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری مێشک و کۆمەڵەی دەمارەکان و بڕبڕەی پشت | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Orthopedics | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی ئێسک و شکان | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| ENT | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری قورگ و لوت و گوێ | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Urology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری میزەڕۆ | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I) | پسپۆڕیەکان |
| ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری سنگ و بۆریەکانی خوێن | Cardiothoracic & Vascular Surgery |
| ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە | (٢) دوو ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێکاری یاخود (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێکاری بە مەرجێک بەڵێننامەی خزمەتی دەرەوەی شار بۆ ماوەی (٥) ساڵ واژوو بکات | Plastic Surgery |
| هەڵگری بۆردی نەشتەرگەری گشتی، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | Digestive & Hepatic Surgery |
| ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری چاو | Ophthalmology |
| ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری مندالان | Pediatric Surgery |
| هەڵگری بۆردی قورگ و لوت و گوێ ENT، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | Rhinology - Endoscopic Skull Base Surgery) |
| هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ فیلۆشیپ | - هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ<br><br>- هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (١) یەک ساڵە لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٥) پێنج ساڵ | Maternal-Fetal Medicine |
| - هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>- ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ فیلۆشیپ | -هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ<br><br>- هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (١) یەک ساڵە لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٥) پێنج ساڵ | Gynecological Oncology |
| -هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ | -هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ<br><br>- هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی (١) یەک ساڵە لە (Obstetrics & Gynecology)<br><br>ماوەی ڕاهێنان: (٥) پێنج ساڵ | Urogynecology |
| هەڵگری بۆردی ( Obstetrics & Gynecology)، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | Reproductive Endocrinology and Infertility |
| هەڵگری یەکێک لە بۆردەکانی (ENT یان General Surgery)، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | Head & Neck Surgery |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| **پسپۆڕیەکان** | **مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I)** | **مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship)** |
| Otology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری بۆردی (ENT)، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت |
| Intra-Abdominal Solid Organ Transplant | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری یەکێک لە بۆردەکانی: (Urology یان General Surgery یان GIT Surgery) ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٢) دوو ساڵ دەبێت |
| Trauma Surgery | هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (General Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٣) سێ ساڵ تراک دوو |
| Facial Plastic & Reconstructive Surgery | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگری یەکێک لە بۆردەکانی: (ENT یان Plastic Surgery )، ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) ساڵ دەبێت |
| Bariatric Surgery | هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر، دبلۆمی دوو ساڵە) لە (General Surgery) یاخود (GIT Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery) و (GIT Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Breast Surgery | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (General Surgery)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Pediatric Orthopedic | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Orthopedics)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Forensic Medicine | پزیشکی شارەزای گشتی دوای تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی<br>ماوەی ڕاهێنان: (٤) چوار ساڵ | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Hand Surgery | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردی پزیشکی لە (Orthopedics) ماوەی ڕاهێنان: (٣) ساڵ فیلۆشیپ |
| Anesthesia | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Intensive Care Medicine | پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکو مەرج جگە لە حاڵەتی پێدانی ڕەزامەندی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی | هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد لە ( General Surgery, Cardiothoracic Surgery, Neurology, Anesthesia, Internal Medicine, Pediatrics, Emergency Medicine, Cardiology, Respiratory Medicine, Nephrology) ماوەی خوێندن و ڕاهێنانیان (٣) ساڵ دەبێت |
| Oral & Maxillofacial Surgery | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری دەم و ڕوو و شەویلاگ | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Oral & Maxillofacial Medicine | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |

| مەرجە تایبەتەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنان | | |
|---|---|---|
| پسپۆڕیەکان | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی گشتی (Track I) | مەرجی خوێندن بۆ پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) |
| Restorative Dentistry | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Orthodontics | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Special Care Dentistry | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Hematology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی لە Hematology | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Histopathology | (١) یەک ساڵ پزیشکی نیشتەجێی دێرینی لە Histopathology | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Chemical Pathology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Clinical Microbiology | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Radiology & Medical Imaging | (٢) دوو ساڵ نیشتەجێی دێرینی تیشک و سۆنار یاخود (٢) دوو ساڵ خولی تیشک و سۆنار (دورة تدريب الاشعة) | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Radiation Oncology | (١) یەک ساڵ نیشتەجێی دێرینی چارەسەرکردنی شێرپەنجە بە تیشک | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Woman Imaging Fellowship | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بروانامەی بۆردی پزیشکی لە (Radiology)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Musculoskeletal Radiology | ئەم پسپۆڕیە (Track I)ی نیە | هەڵگرانی بروانامەی بۆردی پزیشکی لە (Radiology)<br>ماوەی ڕاهێنان: (٢) دوو ساڵ فیلۆشیپ |
| Community Medicine | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Health Administration | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Infectious Disease Control | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |
| Dental Public Health | پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین نیە، تەنها پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە | ئەم پسپۆڕیە (Track II)ی نیە |

**پسپۆڕی گشتی (Track I):** پسپۆڕی گشتی هەڵگرانی بروانامەی (بەکالۆریۆس، دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

**پسپۆڕی وورد (Track II):** تەنها هەڵگرانی بروانامەی بۆردی پزیشکی دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

**فیلۆشیپ (Fellowship):** تەنها هەڵگرانی بروانامەی (بۆردی پزیشکی) دەتوانن پێشکەشی ئەم بەشانە بکەن.

تێبینی/

١. ئەو پزیشکەشکارانەی کە پێشکەشی پسپۆرییەکانی (پێست و نەشتەرگەری جوانکاری) دەکەن و خزمەتی نیشتەجێی دێرینیان لە (٢) دوو ساڵ کەمترە، ئەوا پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە شوێنی کارکردنی خۆیان واژوو بکات کە دوای تەواوکردنی خوێندنی بۆرد بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ لە دەرەوەی شارکار بکەن کە لە (خاڵی ٦/ماددەی ٢)ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێکراوە.

٢. دەرچووی کۆلێژەکانی (پزیشکی گشتی، ددان و دەرمانسازی) دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لە پسپۆری (کارگێڕی تەندروستی -Health Administration).

٣. هەڵگری بڕوانامەکانی (MRCP,MRCS,FRCP,FRCS) بە هاوتای بۆرد هەژمار ناکرێت، تەنها ئەو بڕوانامانە هەژمار دەکرێن کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ کراوە لەسەر بنەمای (CCT).

٤. هەڵگرانی بڕوانامەکانی (بۆردی پزیشکی، ماستەر، دبلۆمی باڵای دوو ساڵ، دبلۆمی باڵای یەک ساڵ) دوای دوو ساڵ لە بەدەست هێنانی بڕوانامەکەیان دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لەم پسپۆرییانەی سەرەوە.

## ماددەی (٣): تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:

١. تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەیەکی ستانداردی ناوەندی ئەنجام دەدرێت کە پرسیار و هەڵەچنینی پەڕاوی تاقیکردنەوەکان لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی ئامادە دەکرێت و ئەنجام دەدرێت.

٢. پێشکەشکار مەرجە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت و پێویستە بە لایەنی کەم (٥٠) پەنجا نمرە لەسەر (١٠٠) سەد نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە مافی بەشداریکردنی پێشبڕکێی نامێنێت.

٣. تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تەنها بە شێوازی تیۆری ئەنجام دەدرێت.

٤. بۆ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی مامەڵە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو دەکرێت، واتە نمرەکان نزیکردنەوە (جبر-Rounding) ناکرێن و کێرڤ نادرێت.

٥. پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات پاڵپشت بە ڕێنماییەکان.

٦. لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایانی پسپۆڕ، پێویستە وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

## ماددەی (٤): ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:

شێوازی وەرگرتن و پێوەرەکانی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

١. نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ڕێژەی (٣٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.

٢. نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ڕێژەی (٧٠٪)ی بۆ تەرخان دەکرێت.

تێبینی:

أ. بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی، (٤) چوار نمرەی وەکو خاڵیان پێ دەدرێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنی لە پێشبڕکێ.

ب. بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی پزیشکی، (٢) دوو نمرەی وەکو خاڵیان پێ دەدرێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنی لە پێشبرکێ.

ج. بۆ هەر ساڵێکی نیشتەجێی دێرین، (٢) دوو نمرەی وەکو خاڵیان پێ دەدرێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنی لە پێشبرکێ، بە مەرجێک لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

د. بۆ هەر ساڵێکی خزمەت پاش پسپۆری یاخود نیشتەجێی دێرین (١) یەک نمرەی وەکو خاڵ پێ دەدرێت بۆ مەبەستی بەشداریکردنی لە پێشبرکێ، بە مەرجێک لە (٢) دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

هـ. لە پسپۆری وورد و Fellowship، تاقیکردنەوە لەسەر (١٠٠) نمرە ئەنجام دەدرێت و نمرەی بەدەستهاتوو دەبێتە نمرەی پێشبرکێ بۆ خاڵبەندی.

## ماددەی (٥): بەڵگەنامە پێویستیەکان:

١. دروستکردنی هەژماری تایبەت و پڕکردنەوەی فۆڕمی پێشکەشکردن لە وێبسایتی فەرمی بۆردی کوردستانی.

٢. نووسراوی لاری نەبوون و دوایین پوختەی ڕاژە لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پێشمەرگە.

تێبینی/ سەبارەت بە پێشکەشکردن بۆ دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی زانکۆ دەبێت.

٣. بڕوانامەی بە نمرەی بەکالۆریۆس بە زمانی ئینگلیزی (وێنەی ڕەسەن).

٤. بڕوانامەی دەرچوون بۆ هەڵگرانی (بڕوانامەکانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا و بۆردی پزیشکی) ئەگەر هەبێت بە شێوەی ڕەسەن.

٥. وێنەی ڕەنگاوڕەنگی (کارتی زانیاری) و (کارتی نیشتمانی) یاخود (پاسپۆرت).

٦. پسولەی ژمێریاری پێشکەشکردن.

٧. ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان دەکەن، پێویستە لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن، بەڵێنامەی یاسایی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی واژوو بکات کە لە بۆردی پزیشکی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەرنەگیراوە. بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر.

٨. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی (ئەگەر هەبێت) (وێنەی ڕەسەن).

### ماددەی (٦): مەرج و پێداویستیەکانی کردنەوەی خوێندن و ڕاهێنانی بۆردی پزیشکی:

١. بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆردی پزیشکی لە هەر پسپۆڕییەک، مەرجە بە لایەنی کەم (٣) سێ هەڵگری (بڕوانامەی دکتۆرا یان بۆردی پزیشکی) دابین بکرێت کە پلەی زانستیان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەری کەمتر نەبێت و پسپۆڕیان لە هەمان بواری خوێندن و ڕاهێنانەکە بێت، لەم بارەیەوە پێویستە ئەو ستافە کە لە پسپۆڕییەکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە پسپۆڕییەکی تر، بە پێچەوانەوە پلانی خوێندن و ڕاهێنان لەو پسپۆڕییانەی کە ستافی زانستی دەستەبەر نەکراوە پەسەند ناکرێت و خوێندنەکە ناکرێتەوە.

٢. بۆ خوێندن و ڕاهێنانی بۆردی پزیشکی لە هەر پسپۆڕییەک، پێویستە ژێرخانی زانستی و ئەکادیمی و کارگێڕی و کەرەستە و ئامێر و تاقیگەی پزیشکی لە نەخۆشخانەکان بە شێوەیەکی ستاندارد بۆ وەرگیراوەکان لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دابین بکرێت.

٣. سەبارەت بەو پسپۆڕییانەی کە بۆ یەکەم جار خوێندن و ڕاهێنانی بۆردی پزیشکی دەکەنەوە و مەرجەکانی (١ و ٢)ی سەرەوەیان تێدایە، پێویستە پرۆپۆزەڵی کردنەوەی خوێندنەکە لە لایەن (وەزارەتمان/دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری) پەسەند بکرێت.

### ماددەی (٧): پلان و ژمارەی کورسیەکانی خوێندن و ڕاهێنان:

ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پلانی وەرگرتن بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، بە پێی پێداویستی ڕاستەقینەی داموودەزگاکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی هەبوونی ستافی ئەکادیمی و ژێرخانی سەنتەرەکانی خوێندن و ڕاهێنان و پزیشکی و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی زانستی و پاشان لە لایەن (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا) پلان و ژمارەی کورسیەکان دوای دیراسەتکردن بە واژووی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەند دەکرێت، دوای تەواوبوونی پرۆسەی پێشکەشکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ئەنجامی بەرایی و کۆتایی پێشکەشکاران بۆ (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا) ڕەوانە دەکرێت بە مەبەستی ووردبینیکردن و پەسەندکردنی ئەنجامی بەرایی و کۆتایی وەرگیراوان لە لایەن وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

پلان و ژمارەی کورسیەکانی خوێندن و ڕاهێنان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

١. **کورسی بە شێوازی خۆرایی:** ئەو پێشکەشکارانەی مافیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە کورسیە بکەن لە نێوان خۆیان پێشبڕکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ژمارەی کورسیە گشتیەکان بە شێوازی خۆرایی بە شێوەی سەرتاسەری بە پێی پلان دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان وەردەگیرێت و مافی خوێندنی دەبێت.

٢. **کورسی بە شێوازی پاراڵێل:** ئەو پێشکەشکارانەی مافیان هەیە پێشکەشی کورسی پاراڵێل بکەن لە نێوان خۆیان پێشبڕکێ لەسەر کورسیەکان دەکەن، هەروەها پێشکەشکردن لەسەر ژمارەی کورسیەکانی پاراڵێل بەشێوەی سەرتاسەری بە پێی پلان دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی بەرزترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان وەردەگیرێت و مافی خوێندنی دەبێت.

تێبینی:

أ. کورسی خوێندن بۆ پلانی بنەڕەتی وەرگرتن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەند کراوە، بە هیچ شێوەیەک زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری تێدا ناکرێت.

ب. لە پێناو دروستکردنی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت، کورسی خوێندن بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت، بەڵکو پێشکەشکردن بە شێوەی سەرتاسەری لەسەر کورسیەکان بە پێی پلانی پەسەندکراو لەسەر بنەمای پێشبڕکێ و خاڵبەندی دەبێت.

ج. لە پێناو بەدیهێنانی شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن، پێویستە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی پلان و ژمارەی کورسی پەسەندکراو بە شێوەیەکی فەرمی ڕابگەیەنێت تاوەکو خوازیاران ئاگاداری وردەکاری ژمارەی کورسیەکان بن.

د. پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی کورسی بە پێی پلانی پەسەندکراو هەڵبژێرێت، واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی خوێندن بکات وەکو کورسی بەخۆڕایی و پاراڵێل.

هـ. کەس و کاری پلە (١) یەک وەکو (کچ، و کوڕ، و هاوسەر)ی شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدی هەرێمی کوردستان و هەروەها زیندانی کراو و گیراوی سیاسی هەرێمی کوردستان (ئەوانەی مینحەی مانگانە وەردەگرن) خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی بۆ تەنها یەکجار، ئەگەر هاتوو لە خوێندن و ڕاهێنانی بۆردی پزیشکی بە پێی مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە لەسەر کورسی پاراڵێل وەربگیرێن، پێویستە نووسراوی پشتگیری بە واژووی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دوای پەسەندکردنی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بکەن لە ماوەی پرۆسەی پێشەشکردن هاوپێچ بکەن کە تیایدا ئاماژە بدرێت کە وەزارەتی ناوبراو کرێی خوێندن لە ئەستۆ دەگرن بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، تەنها کرێی خوێندنیان لێ وەرناگیرێت و بەڵکو لایەنی دارایی کرێی خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان، بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە لەسەر ئەستۆی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبێت.

## ماددەی (٨): لایەنی دارایی خوێندن و ڕاهێنان:

١. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوازی خۆڕایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندن و ڕاهێنان لەسەر ئەستۆی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی دەبێت.

٢. ئەو پێشکەشکارانەی لەسەر کورسی پاراڵێل وەردەگیرێن، تەواوی تێچووی خوێندن و ڕاهێنان لەسەر ئەستۆی خۆیان دەبێت.

٣. کرێی خوێندن بە شێوازی پاراڵێل لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی پێشنیار دەکرێت بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دوای دیراسەتکردنی لە لایەن فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی بە واژوی وەزیر پەسەند دەکرێت و کاری پێدەکرێت.

## ماددەی (٩): ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و ڕاهێنان:-

ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بە ڕێنمایی تەواوکاری دەردەچێت.

## ماددەی (١٠): حوکمە گشتییەکان:

١. مەرجە پێشکەشکار دەرچووی یەکێک لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکان بێت کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستانی-عێراق دانپێدانراو بێت یان یەکسانکردنی بڕوانامەی بۆ کرابێت.

٢. مۆڵەتی خوێندن بۆ پزیشکان و کارمەندانی دامەزراو بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی لە یەکێک لە دام و دەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق کە شایستەی مۆڵەتی خوێندن دەبن بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، لەکاتی درێژەدان بە خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی لە (پسپۆڕی گشتی Track I) لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی، شێوازەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. مۆڵەتی خوێندن بۆ درێژەدان بە خوێندنی بۆڕدی پزیشکی بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت.

ب. تەنها پێشکەشکارانی هەڵگری بڕوانامەی ماستەری خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیی کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، ئەوا شێوازی مۆڵەتەکەیان بۆ خوێندنی دکتۆرا بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (التفرغ الجزئي) دەبێت بە پێی برگەی (١٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

٣. هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی پزیشکی لەکاتی درێژەدان بە خوێندن و ڕاهێنانی بۆڕدی پزیشکی لە پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی، شێوازی پێدانی مۆڵەتی خوێندنەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. هەڵگرانی خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیی کە ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، شێوازی پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (التفرغ الجزئي) دەبێت.

ب. ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری نازناوی زانستی هەمیشەیی نەبێت، ئەوا شێوازی پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت.

ج. دوای بەدەستهێنانی بڕوانامە، هیچ شایستەیەکی دارایی بۆ بڕوانامەی بۆڕدی پزیشکی لە پسپۆڕی وورد (Track II) و فیلۆشیپ (Fellowship) خەرج ناکرێت.

٤. وەرگیراو پێش دەستپێکردن بە خوێندن و ڕاهێنان، پێویستە وێنەیەک لە فەرمانی مۆڵەتی خوێندن بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لەگەڵ وێنەیەک لە فەرمانی کارگێڕی دەستلەکارهەڵگرتن لە شوێنی کارەکەی پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بکات، بە پێچەوانەوە ناتوانێت دەست بە خوێندن و ڕاهێنان بکات وراستەوخۆ فەرمانی وەرگیرانەکەی هەڵدەوەشێتەوە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ.

٥. هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر پێشکەشکار سەرجەم دۆکیۆمێنتەکانی تەواو نەبێت تاوەکو دوایین ڕێکەوتی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە پێشکەشکار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت، ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دیاریکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەیان هەیە. هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا مافی چاودێری و وردبینی پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتنی هەیە.

٦. لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن خوازیار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی لە لایەن ئەنجومەنەوە بۆ دەردەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر و ڕەوانەی دادگا دەکرێت.

٧. پاڵپشت بە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، وەزیر و ئەوانەی کە لەم پلەیەدان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و سەرجەم فەرمانبەرانی خاوەن پلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پلەیەدان، ناتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنانی بۆردی پزیشکی بکەن.

٨. ئەو کاندیدانەی بەپێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) و (خوێندن لەسەر خەرجی تایبەتی خۆی) و (مۆڵەتی خوێندن) بۆ دەرەوەی وڵات نێردراون، خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقين قيد) کراون یان هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتن لە خوێندنیان بۆ دەکراوە بە هۆکاری جیا جیا، ڕاستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان بە (شێوازی پاراڵێل) پێدەدرێت. بەڵام پێویستە لە سەرەتاوە بە پێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکاتەوە، نەوەک لەو قوناغەوە دەست بە خوێندن بکات کە سڕینەوەی ناو یان هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنی بۆ کراوە.

**ماددەی (١١):** کار بە ڕێنماییەکانی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢٤)و ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٢٣) و ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٢) هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و نووسراو و بڕیارێکی پێشووتر لەبارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت، و ئەو قوتابی/خویندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئیستادا بەردەوامن لە خویندن، ئەوا بەپێی ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و نووسراوەکانی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی (١٢):** ئەم ڕێنماییە لە دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوون

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بە مەبەستی رێکخستنی مەرج و رێکارەکانی پێشکەشکردن و شێوازی پێشبڕکێ و بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی بۆڕدی پزیشکی بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندایەتی و چۆنایەتی خوێندن و راهێنان، هەروەها دروستکردنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی بۆردی پزیشکی و پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆر بۆ دامودەزگاکانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم رێنماییەی دەرکرد.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:-**
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەل رێزدا.
- وەزارەتی تەندروستی / نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین وکاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی پێشمەرگە / نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ رێزدا.
- نووسینگەی بەرێز راوێژکارانی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییەکانی پزیشکی/نووسیگەی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ کاری پێویست/لەگەڵ رێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسیگەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسیگەی بەرێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ رێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنایی جۆری/ بۆ زانین / لەگەڵ رێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین / لەگەڵ رێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوبەرایەتی کاروباری یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو.